کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:12 25-4-2007

## خالید بەیاتلی یان غۆبلزی تورک!! ... ستار محەمەد قادر

زۆر سەیرە کاتێ کەینوونەی میللەتێك دووچاری هەموو جۆرەکانی چەپگەردی و هۆڤییەتی دوژمنەکانی دەبێتەوە، یەکێك نووزەی لێوە نەیات، وەك ئەوەی هەر هیچ رووی نەدابێ یان هەر هەموویان کوێ بن لەسەر بیرۆکەی لەناو بردنمان!. لێ کاتێ دێینە سەر ئەوەی لە پارچەیەکی ئەم کوردستانەدا داکۆکی لە مافەکانمان بکەین، دەبینین هەر هەموویان ئەترەشیان دەچێ و بە هەژمەتەوە بەرسڤی داواکارییەکانمان دەدەنەوە، هەر لە ئێستاوە هیچ نەبووە دەکەونە ئەملاو ئەولامان و دەیانەوێت پێمان بڵێن کامە رێگا راستەو کامە هەڵەیە!.

ئەگەر بمانەوێت بە پێی ئامۆژگارییەکانی رۆشنبیران و سیاسییەکانی گەلانی "تورك، عەرەب، فارس" گوزارشت لە داخوازییەکانمان بکەین، یان لە هەڵوەستە کردندا پرسیان پێ بکەین و دڵە شووشەییەکانی ئەوان لە بەر چاو بگرین، ئەوا دەبێت دەست لە کوردبوون بەربدەین بۆ ئەوەی تووشی شۆك نەبن، چونکە بەرگەی بچووکترین ناخۆشی ناگرن. برایەکی چاوڕەشی بەناو عەلمانی و هەڵگری بنەماکانی دیموکراسی دەبێت بە مامۆستاو دەیەوێت وانەی سیاسەت و پێکەوە ژیانی گەلانمان فێر بکات، وەکو ئەوەی نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو ستەمکار بووبێ و ئەوان ستەملێکراو بن!. ئەمە لەکاتێکدا بە زمانی خۆی دان بەو راستییەدا دەنێت کە گەلی کورد لە رابردوودا رووبەڕووی ستەمێکی زۆر بووەتەوەو زوڵمیان دەرهەق کراوە، وەك ئەوەی ئێستا بە مافەکانمان شاد بووبین، دکتۆر "غەسان مەکیە" خۆی بە یەکێك لە"تەزە" کۆڵەگە بنچینەییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی دادەنێ و دەیەوێت بە شەکراوی درووست کردنەوەی ئێراق و پیادە کردنی دیموکراسی مادەی" 140" بۆ ساڵانێکی دی دوا بخرێت، ئەو چوار ساڵ چاوەڕوانی بەکەم دەزانێت و پێی باشە کورد لەم بارودۆخەی ئێستادا باسی کەرکوك نەکەین تا خۆیان کۆدەکەنەوە پاشان هاوڵاتی بوون بکەن بە ئەلتەرناتیڤی ئەو مادەیە، ئەو بەڕێزە بە یەکێك دەکات ئاگای لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد نەبێ و نەزانێت کە شۆڕشی ئەیلول لە سەر کەرکوك دووچاری پیلان گێڕی بووەوە، یان رژێمی رووخاو رێککەوتنامەی شومی جەزائیری بە گۆترە واژۆ کردو شەڕی ئێراق و ئێران و پاشان کەنداو لە بەر چاوی کاڵی ئومەی عەرەبی ئەنجام دا!.

بەرنامەی "زیاتر لە بۆچوونێ" ئەم هەفتەیە جگە لە کوردێك برایەکی تورکمان کە بە تەرجەمەی حەرفی "پیاوی تورك"دەکات و عەرەبێکی عەلمانی پێمان ناساند، بە داوای لێبووردنەوە دەڵێم پێمانی ناساند، چونکە گرنگە بەدیوەعەلمانییەکەشیاندا بیان ناسین!، ئەگەر بمانەوێت لە تێڕوانینی ئەو دوو برا ئەترەشچووە لە دۆزی کورد تێبگەین، بەسانایی مرۆڤ لە زمانیان دەگات کە هەڵگری چ جۆرە بیرکردنەوەیەکی دوالێتی"ئیزدواجیەت"ن، چونکە هەردوو تێڕوانینەکان دووڕووی دراوێکن، ئەمیان بە ئاشکرا دژایەتیمان دەکات و ئەویان دەیەوێت بە کاوەخۆ لە خشتەمان بەرێت. ئەگەر ئەمە سەرنجی عەلمانییەك بێت، دەبێت سەرنجی ئەوەکانی دیی چۆن بێت؟، خۆش پێکەوە ژیان!.

خالید بەیاتلیش دەڵێ: تورکیا لەشکرکێشی ناکات بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو تەنها لە بەرنامەیدایە"20"کلم بێتە قووڵایی خاکی کوردستانەوە، ئەو ئەمە بە پێشێلکاری نازانێت و بە بێ شەرم ئەیدرکێنێت، ئەوەی لە هەمووی زیاتر سەرنجمی راکێشا بێ هەڵوێستی "غەسان مەکیە" بوو دەرهەق بە قسەکانی خالید بەیاتی، لە کاتێکدا ئەو باسی لە ئێراق دەکرد و ئێراقیبوونی کردبوو بە مەرجی سەرەکی بۆیە ئەگەر لە گەڵ قسەکانی خۆیدا راست بوایە دەبوایە وەکو ئێراقییەك بەرسڤی قسەکانی ئەوی بدایەتەوە، ئا ئەمەیە ئەو دڵنیاییەی کە رۆشنبیرانی عەرەب دەیانەوێت پێمانی بفرۆشنەوە!. کاتێك کورد دووچاری ستەمی داگیرکەرانی دەبێتەوە هیچ باسێکی هاوڵاتی بوون لە زاری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كەسێكەوە نابیسترێت، لێ كە باس لە مافەكانمان دەكەین دەمانكەن بە هاوڵاتی پلە یەك و پۆستەكان دەدەن بە چاوماندا، راستییان گووتووە ئەگەر مردن بخەیتە پێش چاوی كەسێك، بە نەخۆشی تاعوون رازی دەبێت!. ئەمانیش ئەمڕۆ دەیانەوێت بە پرۆسەیەك دڵمان خۆش بكەن خودا بۆ خۆی دەزانێت كەی تۆوەكەی دەوەشێنرێت؟.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.